# تۆمارو یاداشتی

# ژان وئازارەکانی شارێکی کۆڵەدەر



**محەمەد مەردان***

رۆژی 1988/4/2 یەک دوو تۆپ دای لەسەر شەقامی برایم پاشا،لە نزیک خەستەخانەی شیرەکە چەند کەسێکی شەهید کرد،چەرمی دەموچاو و قژە سەر بەدیوارەکەوە بوو،هاتوچۆ کردن لەناو شارا کەم بیۆوە،خەڵکی لە دڵە راوکێدا ئەژیان .

هەر لەو سەروبەندەدا مامۆستا(عبدالرقیب یوسف)،هەوڵی ئەیا بۆ مێژوو وێنەی ئەو تۆپ بارانەی شاری سلێمانی بگرێت،بۆ ئەم مەبەستە چوو بووە سەربانی یەکێ لە بینا بەرزەکانو وێنەی ئەو شوێنانەی ئەگرت،کە تۆپەکەی پیا ئەدرا،لەو کاتەیا کوری باشێک ئیختیاری مامۆستا ئەکات و بە پیاوانی رژێم پارتی زانەکانی شاربازێر،بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان سەرکردایەتیوجەماوەردا زوو زوو ئەهاتنە ناو شاری سلێمانیەوە،راستەوخۆ پەیوەندیان بەمنەوە ئەکرد،منیش کارەکانم بۆ جێبەجێ ئەکردن .

لەو کاتەدا پاسێکم هەبوو لە هێڵی(خەبات-ئەسحابەسپی)،بەکەمی ئیشم ئەکرد،زیاتر خۆم بۆ هاوکاری کردنی پارتی زانەکان تەرخانکردبوو.

پیاوێکی باریکەلەی لاواز خۆی کرد بەگەراجەکەیاوبە تورەییەوە چەند جارێک وتی:سەرەی کێیە؟!

ئێمەش لەبەر تۆپ بارانێکی ناو شاری سلێمانی لەلایەن ئێرانەوە،ئاگامان لێنەبوو،کابرا ئەوەندەی تر شێتگیر بوو،وتی ئەرێ بۆ جواب نادەنەوە،ئەڵێی لە گوێی گایا نووستوون !

کاتبەکەمان پێی گوت،سەرەی ئەو پاسەیە کە پشتی لێرەیە،ئاماژەی بۆ پاسەکەی من کرد،ئەویش لەدواوە لێی درابوو هەردوو سوچی چەمەلخەکانی چووبوون بە ناواوقوپابوون،کابراش وتی:ئەوەی ئەڵێی(حەمەمرایە شەلە)،هەردوو چەمکی کەوانەکەی کردووە بە گیرفانەکانیا.. بۆ نایەتە دەرەوە لەو کاتەیا تۆپێک ناو شاری لەرانەوە،وتم خاڵە گیان جارێ بابزانم لە کوێییا وتی بیورەوە،هیچ نیە لە خانووە قورەکانی یا .



لەراستەوە: حەمە قەموور- محەمەد مەردان

ئەڵێ،رەسەدی تۆپ بارانکردنەکەی ئێران لەو سەربانەیە.

مەفرەزەیەکی تەواریو ئەمن ئەچن مامۆستا عبدالرقیب ئەگرن. لەو کاتەدا تۆپێک ئەدرا بەناو شاردا، مامۆستا ئەڵێ با ئەوەش بگرم،مامۆستا ئەگرن و بەرەو تەواریەکە ئەیبەن، لەو کاتەدا مامۆستا(کەریم زەند) فریای ئەکەوێ و بەری ئەدات،بەس فیلمەکەی تیا چوو.

لەگەڵ مامۆستا(مـلا عبدالکریم رەباتی) شاعیردا وەستابووم باسی ئایەتی ئەنفالی بۆ ئەکردم،کاک سالاری حاجی حەمە سەعیدو عەبدول شاربازێری شاعیر هاتن بۆ لام. وتیان ئاگات لەو هێزە زۆرەی رژێمە لەدەوروبەری شاری سلێمانی دا مۆڵیداون،پێی ئەچێ قەدەغە کردنی هاتووچۆ رابگەیەنن،جا ئاگاداری خۆت بەو چیت لایە بیشارەوە.

هەر ئەو رۆژە چووم بۆ گەرەکی شەهیدانی ئازادی بۆ لای جەزای سەرتاش یەکێک بوو لە کەسە ئازاو تێکۆشەرەکانی رێکخراوی شەهید سنەوبەر، کە گەیشتمە دوکانەکەی بەدوای منا مەفرەزەیەکی تەواریو ئەمن خۆیان کرد بە ژووراو بە تەنیا منیان گرتو بردمیان،لەدوور تاکسیەک وەستا بوو بردمیان بۆ لای تاکسیەکەو سەریان دانەواندمەوە،دوو کەسی تیا بوو... پێیان وتن ئەمە ئەناسن باش بوو وتیان نەخێر، پاڵیکیان پێوە نامو وتیان برۆ نەوەستی.

چوومەوە بۆ لای جەزا،ئەویش وتی:برۆ لەم ناوە مەوەستە،هەر ئەمرۆ چەند جارێک هاتوونەتە ئێرە.

بۆ شەوێ هەرچیم لا بوو لە بڵاوکراوەکانی شاخ بردمن بۆ ماڵی باوکمن کونێکیان کردبوو لە ژووری دانیشتنەکەیا، دەرگاکەی لە ژووری نوستنا بوو، ئەو دەمە لە زۆربەی ماڵەکاندا کونی خۆشاردنەوە دروستکرابوو،شار سیمایەکی ترس دایگرتبوو، پەیوەندیەکان کەم ببونەوە،ئەو کەسانەی کوریانپێشمەرگە بوو زۆر ئەترسان، خەو لە چاوی شارا قەتیس مابوو، خەم دڵی شاری داگیر کردبوو،زۆربەی ماڵەکان تاکو بەیانی دانیشتبوون زۆر کەسیش لە ناو کونەکاندامابوونەوە .

لەگەڵ کازیوەی بەیانی رۆژی (1988/4/4)دا، کۆپتەر بە ئاسمانی شاردا سورایەوەو بە زمانی کوردی قەدەغەکردنی هاتوچۆی راگەیاند، هێزە هاوردەکانی رژێم بەناو کوچەو کوڵانی گەرەکەکانی شاردا بڵاوبوونەوەو دەستایان بە پشکنینی ماڵەکان کرد.

ئەوەی جێگەی سەرنجی دانیشتوانی شاری سلێمانی راکێشابوو، کۆماری ئیسلامی ئێران رۆژانە چەند

جارێک تۆپ بارانی ناو شاری سلێمانی ئەکرد، کەچی ئەو رۆژە بە هیچ جۆرێ تۆپ بارانی نەکرد .

ئەو هێزەی کە ماڵەکانیان ئەپشکنی بە زۆری خەڵکی دەڤەری بادینان بوون، خەڵکیان زۆرگـرت، چـەندین خانوویان بەشۆفل رووخاند، گەڕەکی ئابلاخ شوێنێکی زۆر باشبوو بۆ خۆحەشاردانی خەڵکی،بۆیە زۆر کـەس روویان لـەوێ دەکـرد، ژێرابێکـی سـنوقی گـەورەی پێچاوپێچ لە سەهۆڵەکەوە شۆڕبووە بۆ ناو ئابلاخ، ئەم شـوێنەش ببـوە شـوێن حەشـارگەی فیـرارو ئـەو کەسانەی مەترسیان هەبوو، لە ناو ئەوانـەدا کەسانی سەرە رۆوچاو نەترسیان تیا بـوو، ئەچـوون لـە کـونی ژێرابەکانەوە سەریان دەرئەهێناو هاواروفیکـەیان بـۆ پیاوەکـانی رژێـم ئـەکرد، ئـەوانیش لـەو کونانـەوە دەسرێژیان بەناو ژێرابەکەدا ئەکرد، ئەوانـەی لـەناو ژێرابەکـەیا بـوون هـەتاکو نزیکـی پـارکی ئـازادی سەرئەکەوتن .

رۆژی دوای قەدەغـــە کردنـــی هاتوچـــۆکردنەکە، دانیشـتوانی شـار بـۆ سـۆراخو هـەواڵ پرسـینی خزموکەسو کار سەردانی یەکتریان ئەکرد، رژێمـی ئێرانیش دەستی کردەوە بە تۆپ بارانکردنی ناو شاری سلێمانی .

رۆژی(1988/4/5)، کە رۆژێکی ناخۆشومەترسیدار بوو بە نیسبەت کوردەوە بە تایبەتی شاری سـلێمانی، کەچی ئەدیبونووسەرانی کورد، کـۆنگرەی دووەمـی خۆیـان سـازداو ئـەم قەڵەمـە قارەمانانە دەرچـوون {........}و بروسـکەی سەرکەوتنیشـیان بـۆ سـەدام حسـێن نـارد، بـەبێ ئـەوەی خـەمی ئـەو هـەموو گیراوکوژراوو خانووە روخاوانە لەبەر چاو بگرن.



خەلیل خالید

رۆژی(1988/8/8)، لە میدیاکانەوەراوەستانی شەڕی ئێراوعێراق بڵاو بۆوەن کەسە دڵسۆزەکان زۆریـان لا ناخۆش بوو، دەستو پێوەندەکانی رژێم خەڵکیان هان ئەدا بـەو بۆنەیـەوە ئاهـەنگ سـاز بکـەن، ئەوانـەی ســـەربەخۆیان بـــوون لـــە ناوەنـــدی شـــەقامو شوێنەگشتیەکاندا دەستیانبە هەڵپـەڕین کـرد، ئـەمن ئاگاداری خاوەن چایخانەو هێڵێ پاسی گەڕەکـەکانیان کرد، کە ئەبێت هـەتاوەکو شـەو بمێننـەوە، هـەروەها راشی گەیاند ئیتـر بایـەعیش نامێنـێ و خـەڵکی بـە ئارەزووی خۆیـان شـتومەک بکـڕن، ئـەم هەواڵـە تەواوی شاری سلێمانی خرۆشاند، لـە مـاوەی چـەند کاتژمێرێکدا چـی شـتومەکی خـواردن هـەبوو لـە دووکانەکاندا نەما، ئازا ئەو کەسە بـوو بەشـی خـۆی بپچرێت .

ئەمن بەناو بازاردا بڵاو بوونەوە، داوایان لە خەڵکەکـە کرد هێمنی بپارێزن خواردن بۆ شـاری سـلێمانی زۆر بەرێوەیە، بەلاَم خەڵکەکە زیاتر پەلەقاژێیان بوو، ئەو کوردانەی سەر بـە رژێـم بـوون، وێنـەی صـدامیان کردبـوو بـە سـنگیانەوەوبەبێ تـرس سـوێندیان بـە سەری(سەید رەیس) ئـەخوارو کەشـخەیان بەسـەر خەڵکەکـەدا ئـەکردن لـەو رۆژە ناخۆشـەدا چـالاکی

پێشمەرگە مەودایەکی زۆر سەختو سنووورداری لە خۆگرتبوو، زیاتر هەوڵیان ئەدا پردێک لەنێوان سەرکردایەتیو جەماوەردا دروست بکەنەوە، خەڵکی نەیان ئەوێرا باسی کوردو پێشمەرگە بکەن، ڕێکخستنەکان لەبەر یەکە هەڵوەشابوون، ئەوەی مابوو بە ترسەوە ئیشیان ئەکرد، پێشمەرگەیەکی زۆر تەسلیم ببوونەوەو خۆیان لە زۆرشت دووره پەرێز گرتبووە، زۆریشیان چاودێری ڕژێمیان لەسەر بوو، بێدەنگیەکی تەواو باڵی بەسەر شارا کێشابوو، لەو کاتە ناسکو دژوارەدا منو چەند کەسێک خۆمان تەرخان کرد بوو بۆ هاوکاری کردنی پارتی زانەکان، دەرگای دڵی شاری سلیمانیمان بۆ خستبوونە سەر پشت، دەمەو بەیانیەکی زوو لە دەرگای حەوشەدران خێرا چووم دەرگاکەم کردەوە زانیم پارتی زانەکانن، کە دەرگاکەم کردەوە سەیر ئەکەم بەرێزان(عەبە ڕەقو سەلامی لیواو رزگاری کەریم باقی) بوون، کۆمەڵێ نامەو راسپاردەی سەرکردایەتیو پێشمەرگەیان پێبوو ، هەموو جارێکیش بە هاوکاری چەند کەسانێکی دڵسۆزکارەکانم بۆ جێبەجێ ئەکردن، لەو سەرو بەندەدا زۆر جار لەگەڵ کەس‌وکاری پێشمەرگەکاندا تووشی کێشە ئەبووم‌و نامەو راسپاردەی کورەکانیان لێوەرنەئەگرتم .

لەگەڵ(خەلیل خالید) دا، کە یەکێک بوو لەو کەسە دڵسۆزو ئازایانەی لە ناو شاری سلیمانیدا ڕۆڵی ئازایانەی هەبوو، بەدڵ هاوکاری پارتی زانەکانی ئەکرد، پێکەوە نامەی(فایەق چاوشین پێنجوێنی)، کە بە (مام فایەق) ناسرابوو، بردمان بۆ دایکی، ئەویش نامەکەی لێوەر نەگرتین،وتی: کورم نیە ناوی فایەق بێت، هەرچی لەگەڵیا وتمان کەڵکی نەبوو، تاکچەکەی وتی:بۆ تەرسی وەڵڵا کوری ئێمەیە، منیش نامەکەم بۆ خوێندەوە، لەو کاتەیا دایکی دەستی بەگریان کرد، کە لێبوومەوە دیسان وتی: کورم نیە پێشمەرگە بێت.

بۆ بەیانی چووم بۆ لای کاک(رازی) شاعیر، لەسەر شەقامی مەولەوی دوکاتی سەعات چاکردنی هەبوو، نامەی تەهای کوریم بۆ برد، لەو کاتەیا سەیرێکی دەرەوەی کردو وتی: من کورم نیە ناوی تەها بێت، بزانە لێت تێکچووە ! هەر چەند لەگەڵیا خەریک بووم نامەکەی لێوەرنەگرتم‌و هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کوری ئەو نییە .

لە راستیدا هەقی خۆیان بوو، کە نامە وەرنەگرن‌و حاشاش لە کوریان بکەن، کە پێشمەرگەیە لەو کاتو ساتە ناسکەدا هەرچی بگیرایە تیا ئەچوو، یان زۆر بەزەحمەت رزگاری ئەبوو، زۆر بە وردی زانیاریمان کۆکردبۆوە، کەنزیکەی(15) هەزار ئەمن لە شاری سلێمانیدا هەبوو.

یەکێک لە کارەکانی تری پارتی زانەکان پەیوەندی کردن بوو بەو پێشمەرگانەی کە تەسلیم ببوونەوە، بۆ ئەمەشیان دیسان من پەیوەندیم پێوە ئەکردن، هەندێ لەو کەسانە کە(نامەوێ ناویان بهێنم)، خۆیان ئەدزییەوەو قسەی ناشرینیان بە کوردو شۆرش ئەوتو هیچ جۆرە ئامادەییەکیان تیا نەبوو لەو بوارەدا خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن، بەڵکو زۆر بێزار بوون، هیواشیان تیابوو زۆر بە دڵسۆزیەوە پێشوازیان لە داواکارییەکانی شۆرش دەکردو ئامادەی گیان بەخشینیش بوون .

ئەو کەسانەی هاوکاری پێشمەرگەیان ئەکرد زۆر

کـەم بـوون، بــە پەنجــەکانی دەسـت ئــەژمێران، کاک(خالید قادر کەریم)، کە بە( باوکی کـەرتی دوو) ناسرابوو.... یەکێک بوو لـە پیـاوە ئـازاو دڵسـۆزەکانی دانیشتوانی شاری سلیمانی، لە کارگەی جگەرە ئیشی ئەکرد، لەبەر ئەوەی کورەکانی پێشمەرگە بوون، رژێم دەستی بەسەر خانووەکەیا ئەگرێ و شـتومەکی نـاوماڵەکەشی هەمووی تالان دەکە .

لــەو ســەردەمەیا هەرچــی شــتومەکە دەســت بەسەراگیراوەکانی ماڵە پێشمەرگە هەبوو، هەمووی لە مـەخزەنی شـارەوانی، لـە ناوچـەی پیشەسـازی بـوو کۆدەکرانــەوە، ئـەویش لـە رێگـەی چـەند بـەکرێ گیراوێکـی وەک(.....)، کـە شـاگرد سـینەما بـوون ئەفرۆشران‌و پارەکەی ئەدرا بە ئەمنەکان .

ماڵی ئەمانیش بەو جۆرە فرۆشرا, رۆژێ لە ناکاو ئەمن ئەچن لە کارگـەی جگـەرە قۆڵبەسـتی ئەکـەن‌و بـە چاوی بەسـتراوییەوە ئەیبـەن، لـە دوای سـێ مـانگ سجن کردن، ئەیبەن بۆ سـورداش‌و لـەوێ بـەرەڵای ئەکەن‌و پێی ئەڵێن بچۆ بـۆلای کورەکانـت، ئـەویش راستەوخۆ ئەروات بۆلای کورەکانی، ماوەیـەکی بـاش لە شاخ ئەمێنێتەوە، دوای ئەگەرێتـەوە بۆنـاو شـاری سلیمانی هەتاکو راپەرین هاوکـاری پـارتی زانـەکانی کـردو خزمـەتی ئـەو ماڵەشـی ئـەکرد، کـە پـارتی زانەکانی تیا حەشار ئەدرا, بەداخەوە ئەم پیاوە کـورد پەروەرە لە رۆژی(1997/7/14) کۆچی ماڵئاوای کرد .دوای جێبــــەجێ کردنــــی ئیشـــــوکارەکان، رۆژی(1988/11/25)، شتومەکی خواردنمان نەمابوو بە کاکە عەبەو ئەوانم ووت :هەتا بـازاڕ ئەچـم هـیچ ئیشـوکارتان نییـە، وتیـان نـەخێر، سـەیارەکەم لـە ئەسحابە سپی راگرت‌و چووم بۆ نـاو بـازاڕ کـارتۆنی رۆنی یـەک کیلـۆی کـە(12) دانـەی تیـابوو کـڕیم بە(4)دینار، فەردەیەک برنج بە(10)دینـارو تەبـەقێ هێلکە بە(14)پەنجای.... لەگـەڵ هەنـدێ شـتومەکی تردا خستمە سەر عارەبانەیەک‌و بەرەو لای سەیارەکە کەوتینەڕێ .

لـە بـازاڕی شوشـە هاتمـە دەرێ، برادەرێکـی خـۆم تووشبوو، دوای چاک‌وچۆنی کردن وتی :ئەو هەواڵەت بیستووە، کە سـێ پێشـمەرگە لـە ماڵێکـدا بـوون لـە گەڕەکی چوارباخ رژێـم پێـی زانبـوون، هەرسـێکیان شەهید کـردوون‌و خانووەکەشـیان بەسـەر ماڵەکـەدا رووخاندوە !!

یەکسەر لە شوێنی خۆما وشکبووم .

ووتم چۆن ؟!

قسەکانی دووبارە کردەوە، بەبێ خواحافیزی دەستم لە تاکسیەک راگرت‌و سوار بووم

کابرای عارەبانە هاواری لێکردم، وتی: شـتەکانت لـە بیرچوو، خێرا خسـتمە سـەیارەکەوەو رۆیشـتین، لـەو کاتەیا جادە زۆر قەرەباڵغ بوو، ماوەی رۆیشتنی سەیارە زەحمەت بوو،ویستم دابەزم‌و بەراکردن برۆم، جگەرە لەسەر جگەرە دام ئەگیرساند، زۆر پەلەم بوو بگەمـە جێ، لەو کاتەیا کابرای تەکسی بەحاڵ یایی لە پیاوێکی حەماڵ، ئەویش خۆی کرد بەمردوو.

وتی: سمتم دەرچووە، ویستم شتەکان داگـرم‌و بـرۆم، کابرای سایەق وتی :پیاوی چـاک بـە جـێم مەهێڵـە، شایەتیم بۆبە، کە خـەتای مـن نـەبووە، نـەم ئـەزانی چیبکەم !

چاوەروانی مروریـان ئـەکرد، خـەڵکێکی زۆرمـان لـێ

کۆببۆوە، هەریەکەو قسەیەکیان ئەکرد، من ئەم لاوئەولای کابرای حەماڵم ماچکرد، وتم خاڵە گیان هیچ نیە با بڕوا خۆشکور سەلامەتی، بە دەنگێکی گرەوە وتي‌ن چۆن هیچم نیە، لایەکی لەئیش خستووم، بەسایەقەکەم وت: با من بڕۆم ئیشم زۆرەو پەلەمە، رازی نەبوو، وتی: توخوا بەجێم مەهێڵە .

بە تەواوی گیرم خوارد بوو، بیرم هەر لای پێشمەرگەکان بوو، کابرای سایەق ئەلەرزی، یەکێک لە ناو خەڵکەکاندا بە سایەقەکەی وت: کاکە ئەو فەقیرە ناتوانێ هەڵسێتە سەر پێ، خێرا بیبە بۆ خەستەخانە، سایەقەکە رازی بوو، کە بیبا بۆ خەستەخانە، دیسان بە سایەقەکەم وت: کاکە خێزانەکەم زۆر ناساغە، بۆیە پەلەمە ئەمەوێ بیبەم بۆ خەستەخانە، چووم شتەکان دابگرم .

وتی پیاوی چاک بە جێم مەهێڵە، خۆت ئەوانی خەتای منی تیا نەبوو، ئەگەر تۆ بڕۆی کەس شایەتم بۆ نادات .

بەزەیم زۆر بەسایەقەکەدا ئەهاتەوەو کەسیکی باش دیار بوو، وتی: بەشەرەفم بەم سەیارەیە سێ‌دانە ماڵی ئەنفال بەخێو ئەکەم، لەو کاتەیا مرور هات، بەسایەقەکەیان وت: ئیجازەکەتمان بەرێ، کەئەم ئیجازەی نەبوو.

ئەوە ناچاری کردم بەجێیبهێڵم، شتەکانم گواستەوە بۆ لای تاکسیەکی ترو بەرەو ماڵ بەرێکەوتین، لە چوار رێیانی نێرگزەکەوە بەرەو چوارباخ شۆڕبووینەوە کە گەیشتینە ئاستی کۆڵانەکەی خۆمان، ئەوەنە ملم بردە پێشەوە هەتاکو زوو ماڵی خۆمان ببینم سەرم یایی بە جامی سەیارەکەدا، کۆڵان ئاسایی بوو هەر وەکو پێشتر ژنان لەبەر دەرگای ماڵەکانی خۆیاندا دانیشتبوون .

کە گەیشتینە بەر دەرگا پێش ئەوەی شتەکان دابگرم خێرا خۆم کرد بە ژوورا سروە وتی: ئەوە سەیارەکەت بۆ پێنیە ؟ وتم دوای بۆت باس ئەکەم، یەک یەک پێشمەرگەکانم ماچ کردن وتیان لە پشتمانەوە دەگە تەقەیەکی زۆر ئەهات، ناڵێن چی بووە ؟

منیش وتم هی ئەوە بوو کە ئێوەم ماچ کرد، وتم با ئەو شتانە دابگرم ئینجا ئەچم هەواڵ ئەپرسم سەیارەی تەواریەکان بە خێرای ئەهاتن‌و ئەچوون، هەتا گەیشتمە سوچی مەلعەبەکە لەیەک دوانێکم پرسی ، بەڵام هیچیان پێنەوتم، کاک(برایمی شیخ حسێن) بەرەو رووم هات، لێم پرسی چی رویداوە ؟!

بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە وتی: (حەمە قەمبوور)و دوو پێشمەرگەی تر لە ماڵەکانی پشت خۆمانەوە لە ماڵێکدا ئیختیفا بوون، پیاوانی رژێم پێی زانیوون بە هێزێکی یەکجار زۆرەوە چوونەتە سەریان‌و لە هەر چوار لاوە تەقەیان لێکردوون، دوای شەرێکی دەستەویەخەی زۆر شەهید کراون‌و خانووەکەشیان بە شۆفل بەسەر ماڵەکەدا رووخاندووە ، ئێستاش ئەو ناوە هەمووی گیراوە.... بڕۆ با بڕۆین بالەم ناوە نەمێنین .

بەراستی خەفەتم زۆر بۆ خەمە خوارد، فرمێسک بە چاوەکانما هاتە خوارەوە، چونکە (حەمە) یەکێک بوو لە هاورێ کۆنەکانم‌و ماوەیەکی زۆر پێکەوە یاری تۆپێنمان ئەکرد بە خەفەتێکی زۆرەوە گەرامەوە بۆ لای پارتی زانەکان، رووداو کارەساتەکەم بۆ گێرانەوە، ئەمانیش زۆریان پێناخۆش بوو .

دەنگ‌وباس لە گەرەکا بڵاو بۆوە، کە لە ماڵەکانی پشتمانەوە دەستیان بە پشکنینی ماڵەکان کردووەن

برادەران پێیان باش بوو شوێنەکەیان بگۆڕم، خێرا چووم بۆ ئەسحابە سپی سەیارەکەم هێنایەوە، پارتی زانەکانم هەڵگرت، بۆ شوێن ونی منالەکانی خۆشم لەگەلا هەڵگرتن، بە کۆلانەکاندا چوومە سەر شەقامی سالم بەرەو سەرچنا کەوتینە ڕێ لە دوورەوە پیاوانی ڕژێمم بەدی کرد، کە لەبەردەم مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە سەیارەیان ئەپشکنی، خێرا لای یانەی ئەندازیارانەوە پێچم کردەوە بەرەو ماڵە ئەمنەکان رۆیشتین، لە پشتی مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکەوە بەرەو گەڕەکی ئەندازیاران رۆیشتم، لای سەموون خانەی ئاواوە هاتمەوە سەر جادە گشتیەکەو هەتاکو نزیکی پەروەردە رۆیشتین... هەر لەوێدا شکم لا دروست بوو کە لەچوار ڕێیانی سەرچنار هێڵی بازگەی پشکنینی پیاوانی ڕژێمی لێبێت، بۆیە بە کۆلانەکاندا رۆیشتن هەتاکو چوینە سەر جادەی سەرچنار لەگەڵ بانگی نیوەڕۆی دا گەیشتینە ئەوە ماڵەی کە بۆمان دیاری کرابوو، ئەویش ماڵی کاک(وریا) بوو، کە بە وریا شەل ناسراوە، ماڵەکەیان لە خانووەکانی کارگەی چیمەنتۆی سەرچناردا بوو .
عەسرێکی درەنگ کاک (کەریم باقی) هات بۆ لامان، بەراستی پیاوێکی دڵسۆزو قسە خۆش بوو، زوو زوو ئەیوت: بە شەرەفم لە هیچ مەترسن حکەمەت نەماوە .... ئێستا ئەنێرم مەشروبتان بۆ نهێنن بۆخۆتان بخۆنەوە .
شەوێ لەوێ ماینەوە، بەیانی تەواوی ئیشوکارەکانی ناو شارم هەموویم بۆ جێبەجێ کردن، ئینجا پێم وتن ئەوا هەموو ئیش‌وکارەکانتان تەواو بوو، بەڵکو خۆتان ئامادە بکەن بۆ سبەی شەو بگەڕێنەوە، وتیان باشە .
دیسان کاک کەریم وتی کورە وازیان لێ هێنن با یەک دوو رۆژی تر لێرە بمێننەوە هەواکەی زۆر خۆشە .
زۆر بە ووردی رەنگ رێژیمان بۆ گەرانەوەیان دارشت، بەلام هێزی( ئەمن‌وئیستخبارات‌و تەواری)، بەجارێ رژانە ناو شەقامەکانی ناو شاری سلێمانی هەر سەدمەترو مەفرەزەیەک دانراو دەستیان بە پشکنینی سەیارەو داوای هەویەکردن کرد، لەبەردەم خەستەخانەکەی سەرچنار، کە بەرامبەر ماڵی کاک(وریا) بوو مەفرەزەیەک وەستابوو، بەراستی زۆر ترسایین هەتاکو عەسرێکی درەنگ مانەوە، دوای رۆیشتن، منیش گەشتێکم بە ناوو شارا کرد، مەفرەزەکان، هەڵگیرا بوون، خێرا گەرامەوە بۆ لای(کاکە عەبە رەق‌وصلاحی لیواو رزگاری کەریم باقی)، شتومەکی گەرانەوەم بۆ ئامادە کردبوون .
لەگەڵ بانگی ئێوارەدا بەکەلەی ترێلەکەی کاک(بەختیار کەریم باقی) بە شەستیەکەدا بردمانن من لە دووری نیو کیلۆمەتر لە پێشیانەوە ئەرۆیشتم لە بەینی هەردوو رەبیعەی سەر شەستیەکە بەرامبەر گوندی قرگە دامانبەزاندن خۆیان کرد بە شیوی لای خۆڵە عەمەلەکەدا رۆیشتن، ئیمەش وەستاین هەتا لە چاو ون بوون، ئینجا گەراینەوە بۆ ناو شار ....!

*سەرۆکی کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردستان